ساختەکاری و ماددە هۆشبەرەکان و تیرۆر... تێلێگرام لە ژێر مایکرۆسکۆپی ڤێتنامدایە

ئاژانسی ڕۆیتەرز بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی حکومی بڵاویکردووەتەوە، وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیای ڤێتنام بڕیاری قەدەغەکردنی ئەپی تێلیگرام لەو وڵاتە دەرکردووە، ئەویش دوای ئەوەی کە کۆمپانیاکە ڕەتی کردووەتەوە داتاکانی پەیوەست بە بەکارهێنەران بداتە حکومەت.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی ڤێتنام، داتاکانی پۆلیسی ڤێتنام ئاماژە بەوە دەکەن کە 68%ی نۆ هەزار و 600 کەناڵ و گروپی تێلیگرامی وڵاتەکە، یاساکان پێشێل دەکەن و کاری ساختەکاری، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و تیرۆری تێدا ئەنجامدەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە، وەزارەتی تەکنەلۆژیای ڤێتنام ڕێنمایی دابینکەرانی پەیوەندییەکانی کردووە کە ئەپی تێلیگرام بلۆک بکەن، بەهۆی ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانەی کە گوایە بەکارهێنەرانی ئەنجامیانداوە.

هەروەها فەرمان بە کۆمپانیاکانی پەیوەندییەکان کرا کە قەدەغەکردنەکە جێبەجێ بکەن و تا ڕۆژی 2ـی مانگی داهاتو، وەزارەت لە ئەنجامی ڕێکارەکان ئاگادار بکەنەوە.

وت□ب□ژی و□زار□ت□ک□ □□س□نای□تی ب□□گ□نام□ک□ی پشت□استکرد□و□ و ئاماژ□ی ب□و□داو□، ق□د□غ□کردن□ک□ دوای ئ□و□ هات ک□ ت□لیگرام □□تیکرد□و□ داتای ب□کاره□ن□ران بدات ب□ ڤ□تنام ل□ و□□امی داواکاریی□کانی پ□یو□ست ب□ ل□ک□□ین□و□ تاوانکاریی□کان.